

# ئەمین گەردیگلانی: من کوڕی لیۆ تۆلستۆم

تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، بەڵام 31 کتێبی لەچاپدراوی هەیە، شیعر دەهۆنێتەوە، وەرگێڕان دەکات و بۆ منداڵان کتێب دەنوسێت؛ «ئەمین گەردیگلانی» ناوێکی ئاشنای بواری وێژەو ئەدەبی کوردییە کە لە یەکێك لە بازاڕە کۆنەکانی بۆکان بە دورینی جلی کوردی پیاوانە بژێوی خۆی دابین دەکات. ماوەیەك لەمەوپێش یەکێك لە ئاژانسە هەواڵییەکانی ناوخۆی ئێران نوسیبوی کە ئەو «جل دورێکە کە کتێب پێشکەشی داواکاران دەکات»، ناساندنی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی گەردیگلانی وەکو شاعیر، وەرگێڕ و نوسەرێکی تێکۆشەری بۆکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ئەنجامبدرێت.

*** دەکرێ سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشنابوون لەگەڵ گۆڤاری سروە و دۆزینەوەی هەستی هۆنینەوەی شیعر، بۆمان بدوێن؟**

ـ هەروەکو وتم ساڵی 67 لەگەڵ گۆڤاری سروەدا ئاشنابووم. پەیجووری دەق و شیعرەکانی ئەو گۆڤارە بووم، یەك لەو بابەتانە وتارێك بوو سەبارەت بە سەروا و نوسینی سەروای "میم" ، کاتێ خوێندمەوە، هەستم بەوەکرد کە منیش شتێکم بۆ وتن پێیە. چەند پارچە شیعرێکم نوسی و بۆم ناردن. پاش ماوەیەك نامەیەك گەیشتە دەستم کە تێدا نوسرابوو، بەوەشەوە کە تازە دەستانکردووە بە هۆنینەوەی شیعر و کێشی شیعری دژوارتان بۆ شیعرەکەتان هەڵبژاردووە، تا ڕادەیەك لە کارەکەتاندا سەرکەوتوو بوون و هەر ئەم کارە منی هاندا بە درێژەدان بە هۆنینەوەی شیعر و دەستمکرد بە کڕینی دیوانی کوردی و فارسی و بەردەوام شیعری دیکەی شاعیرەکانم دەخوێندەوە بۆ ئەوەی بتوانم لەم بوارەدا شارەزا بم.

*** لە چ چوارچێوەیەکی شیعریدا ئیشدەکەن؟ بۆچی ئەم چوارچێوە شیعرییەتان هەڵبژاردووە؟**

ـ من لە هەموو بوارەکاندا دەستمکردووە بە هۆنینەوەی شیعر و بۆ من جیاوازی نییە. لەو کاتەی هەستێکی شاعیرانە دەگاتە مێشکم و هەستێك لە مندا بۆ هۆنینەوەی شیعر دروست دەبێت، چوارچێوەیەکی بۆ هەڵنابژێرم، چونکە هەر لە سەرەتاوە پزوسکەیەك ڕێگا بە من نیشاندەدات.

*** هۆکاری پابەندنەبوونت بە چوارچێوەیەکی تایبەتی شیعر و هۆکاری وەرچەرخانتان لە شیعری کلاسیك بۆ شیعری نوێ و دووبارە بۆ بواری کلاسیك کە لە شیعرەکانی ئێوەدا بەدیدەکرێت، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ـ بەڵێ. من لە شیعرەکانمدا پابەند نیم بە چوارچێوەیەکی تایبەت، ئەو هەستە لە سەرەتای دەستپێکردنی هۆنینەوەی شیعر بە هەر شێوەیەك بێت، من ئەوە لە بەرچاو دەگرم.

زۆر جار باوەڕم بە بوونی پەیام لە شیعردا هەیە کە سەر بە شوێن و کاتێك کە شاعیری تێدایە و باس لە کێشە و دەرد و ڕەنجەکانی سەردەمی خۆی دەکات، لە حاڵێکدا کە زۆربەی فورمالیستەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەبێ فۆرمی شیعرەکانیان لە چوارچێوەی شیعری نوێ بێت، بەڵام فورم لە لای من گرنگی نییە، هەربۆیە من لە چوارچێوەی غەزەلدا شێوازێکی نوێم بە کارهێناوە و شاعیرانی دیکەش درێژەیان بە ڕێگای من داوە، خۆشحاڵم لەوەی کە توانیومە سنورەکان تێکبشکێنم و ئەڵبەت شێوەکانی نوێش لە بەرهەمی شاعیرانی ئەمڕۆ دەبینرێت کە دەتوانم لێرەدا ئاماژە بە "جەلال نەجاری" بکەم.

*** ئێوە لە دونیای شیعرەوە چوونەتە دونیای وەرگێڕان و چەندین بەرهەمتان لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. هۆکاری بەشداری ئێوە لەم بوارەدا چییە؟**

ـ من تا ڕادەیەك حەزم لە خوێندنە کە لە دونیای خوێندندا نوقم دەبم، زۆرجاریش کە بابەتێك بۆ وتنی شیعرم نییە و چونکە هەمیشە حەزم لەوەیە لە کار و تێکۆشاندا بم و هەمیشە لەسەر ئەم باوەڕەم کە ئەگەر ڕۆژێکیش لە تەمەنم مابێت دەبێ هەرچی لە توانامدایە بەکاری بهێنم و لەوە تێگەیشتووم کە تەنیا هۆنینەوەی شیعر



**تەنیا ڕەخنەی من لە خۆم درێژەنەدانی خوێندنە**
**کە ئەڵبەت لەم بارەیەوە**
**خۆم بە تاوانبار نازانم،**
**سیستەمی بنەماڵەی من بەشێوەیەک بوو**
**کە درێژەدان بە خوێندنم بۆ نەڕەخسا**




من تێر ناکات، هەربۆیە بڕیارمدا کە لە بوارێکی دیکەوە خزمەت بە زمانی کوردی بکەم و دەستمدایە وەرگێڕانی کتێب.
لە وەرگێڕانیشدا کاتێك کە چیرۆك یان ڕۆمانێك دەخوێنمەوە، چەند جار دەیخوێنمەوە و ئەگەر بەو دەرئەنجامە بگەم کە ئەم ڕۆمان یان چیرۆکە کاریگەری دەخاتەسەر دەروونی مرۆڤ و هەست بەوە بکەم کە دەبوو ئەو دەقە من بمنوسیایە و لەگەڵی تێکەڵ بم، ئەو کاتەیە کە دەستدەدەمە وەرگێرانی ئەو دەقە. یەکەم کارم لەو بوارەدا کۆمەڵە چیرۆکی "دیسان لەو شەقامانەوە (دوباره از همان خیابان‌ها)" لە نووسینی خوالێخۆشبوو "بیژەن نەجدی" نوسەری مازەندەرانی بوو کە لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر لە چاپ کرا و لە لایەن هۆگرانی ئەم هونەرەوە پێشوازی گەرم و گوڕێکی لێکرا، هەر ئەم بابەتە منی هاندا بۆ وەرگێڕانی زیاتر و پاشان ڕۆمانی "جێگای بەتاڵی سلوچ (جای خالی سلوچ)" لە نووسینی "مەحمود دەوڵەت ئابادی"م لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ئەم بەرهەمەش لە لایەن خوێنەران و هەروەها بڵاڤگەی "موکریان" لە هەولێر پێشوازی لێکرا و ئەمەش هەمدیسان منی هاندا بۆ دەستپێکردنی وەرگێڕانی بەرهەمێکی دیکە. ئەڵبەت کاری وەرگێڕان نەبووە هۆی ئەوەی کە من لە هۆنینەوەی شیعر دابڕێم. پاش وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانانە، کاری وەرگێڕانی ڕۆمانی "برایانی کارمازۆف" لە نوسینی دیستۆڤیسکی، نوسەری ڕووسیم دەستپێکرد.
پاشان دەستمکردە خوێندنی بەرهەمەکانی تۆلستۆی و بە خوێندنی بەرهەمەکانی لەم ڕاستییە تێگەیشتم کە تۆلستۆی زیاتر لە هەر نوسەرێکی دیکە بە تایبەتمەندییەکانی

دەروونی من نزیکە و بڕیارمدا هەموو بەرهەمەکانی تۆلستۆی، نوسەری کتێبی "شەڕ و ئاشتی" لە فارسییەوە وەربگێڕمەوە سەر زمانی کوردی و 14بەرهەمی ئەم نوسەرەم لە چاپداوە، من خۆم بە کوڕی تۆلستۆی دەزانم و هەموو بەرهەمەکانی ئەو نوسەرە بەناوبانگەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ئێستاشدا دوو ڕۆمانی دیکەی ئەم نوسەرەم وەرگێڕاوە و ئامادەی چاپە.

هەروەها من لە بواری چیرۆکیشدا کارمکردووە و کۆمەڵە چیرۆکێك لە ژێر ناوی "نارنجی فڕین"م نوسیوە و لە ساڵی 2012 لە لایەن بڵاڤگەی هەنار لە شاری سلێمانی لە چاپ درا و لە ئێستاشدا لە لایەن بڵاڤگەی نارین ئامادەیە بۆ چاپی دووهەم.

*** وەکو کەسێك کە توانیوە چەندین بەرهەمی باش وەرگێڕێت، بیروڕاتان سەبارەت بەو کەسانەی کە کاری وەرگێڕان دەکەن و شارەزایی تەواویان بەسەر بەستێنی زمانەکاندا نییە، چییە؟ چالاکی ئەم کەسانە لە بواری وەرگێڕان چ پاشهاتێکی بەدواوە دەبێت؟**

ـ بە ڕای من وەرگێڕانی نادروست و هەڵە زەرەری زیاترە لە سوود. لەم بوارەدا دەتوانم ئاماژە بکەم بە وەرگێڕانی نوسەرانی هەرێمی کوردستان کە بە ڕای ئەوان ئەگەر چەند حەوتەیەك لە تاران بن ئیتر زمانی فارسی بە تەواوەتی دەزانن و بە پشت گەستن بە فەرهەنگۆکێکی فارسی بە کوردی وەرگێڕانی کتێب لە زمانی فارسییەوە دەستپێدەکەن. لە حاڵێکدا نازانن مانای وشە لە ڕستەدا جیاوازە. ئەم هەڵەیەم لە زۆربەی وەرگێڕانەکاندا چاوپێکەوتووە، بۆ وێنە ڕستەی "دماغت چاقە"یان وەرگێڕاوەتەوە بە "لوتت قەڵەوە" یان "بالاخانەاش را اجارە دادە است"یان وەرگێڕاوەتەوە بە "نهۆمی سەرەوەی بەکرێ داوە" کە ماناکەی بە تەواوەتی گۆڕیوە و دەبینین کە ئەم وەرگێڕانانە زەرەریان زیاترە لە سودەکەیان.

هیودارم ئەو کەسانە کە کاری وەرگێڕان دەکەن ئاگاداریی تەواویان بەسەر هەر دوو زمانەکەدا هەبێت.

*** ئایا ڕوانگەی ئابوری لە وەرگێڕانی کوالیتی دەق و ناوەڕۆکی بەرهەمەکان کەمناکاتەوە؟**

ـ نەك تەنیا کوالیتی دەق دادەبەزێنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بێبایەخبوونی وەرگێران. من کتێبی "پەسلان"ی تولستۆیم لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بە مەبەستی چاپکردنی ئەم ڕۆمانە چوومە ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەولێر، وتیان کتێبەکە چاپ دەکەین، بەڵام ئایا دەتوانی ڕۆمانی "قاری دەریا" لە نوسینی "یەشار کەماڵ"مان بۆ وەربگێڕیتەوە سەر زمانی کوردی، وتیان بۆ ئەنجامی ئەو کارە چەندە پارە وەردەگری؟ وتم: مەبەستان چییە؟ وەڵامیان داوە: مەبەستمان پارەکەیە! منیش وەڵاممدایەوە من بەس بۆ وەرگرتنی پارە ئەمکارە ئەنجام نادەم و سەبارەت بە ماوەی تەواوکردنی وەرگێڕانەکە پرسیان و منیش وتم: ڕەنگە تا 2 ساڵ، ئەوان بە سەرسووڕمانەوە وتیان: چۆن وادەبێت ئێمە کتێبێکی 1500 لاپەڕەیمان لە ماوەی






یەك مانگدا وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی كوردی، منیش وتم ئاوا گونجاتر و دروستترە!

*** ئێوە لە فەرهەنگۆكی "ڕێژگە"دا چەندین وشەتان كە لە كتێبی "هەنبانە بۆرینە"ی مامۆستا هەژاردا نییە، بڵاوكردۆتەوە. ئایا بەڕای ئێوە ئەم كارە لە بایەخی هەنبانەبۆرینە كەم ناكاتەوە؟**

ـ نا. بەڕای من ئەو كارە بایەخی هەنبانەبۆرینە زیاتر دەكات و من كاتێك كە هەنبانەبۆرینەم خوێندنەوە لەوە تێگەیشتم كە هەندێ لە وشەكانی تێدا نییە، ئەڵبەت هیچ شكێكی تێدا نییە كە مامۆستا هەژار زەحمەت و تێكۆشانێكی زۆری لەمبارەوە بووە و كارێك كە ئەو مامۆستا پایەبەرزە ئەنجامیداوە وەكو كاری گروپێكی پسپۆڕی 200 كەسییە، بەڵام مامۆستا هەژار ئەم كارەی بە تەنیایی ئەنجامداوە و منیش ئەوەم بە پێویست زانی كە ئەو وشانە كە لە هەنبانەبۆرینەدا نییە كۆ بكەمەوە. تا ئەوەی كە گۆڤاری سروە بەشێك لە گۆڤارەكەی تەرخان دایە قابوسنامە و ڕایگەیاند كە هەر كەسێك ئەو وشانە كە لە هەنبانەبۆرینەدا نییە بۆ ئێمەی بنێرێت بۆ ئەوەی لە بەشی قابووسنامەدا چاپی بكەین. من ئەوەم بە دەرفەت زانی و ئەو وشانەم كە كۆكردبووە بۆم بەڕێكردن. پاش ماوەیەك كە ژمارەی ئەو وشانە زیادیكرد هەستم بەوە كرد كە دەبێ ئەو وشانە لە قەوارەی فەرهەنگۆكێكی جیاواز و بە ناوی "ڕێژگە" بڵاو كەمەوە.

*** بۆچی ناوی "ڕێژگە"تان لەم فەرهەنگۆكە ناوە؟**

ـ "ڕێژگە" ڕووبارێكی بچوكە كە دەڕژێتە دەریایەكی گەورە واتا فەرهەنگی من ڕووبارێكە كە دەچێتە دەریای گەورەی هەنبانەبۆرینە، هیوادارم كە كەسانی دڵسۆز لە شار و گوندەكانی دیكە و دەوروبەر هەوڵبدەن بۆ كۆكردنەوەی ئەو وشانە كە لە هەنبانەبۆرینەدا نییە، بەڵكو لە ئەنجامدا بە هاوكاریی یەكتر ببینە خاوەن فەرهەنگێكی دەوڵەمەندی كوردی.

*** وەك دواوتە، "ئەمین گەردیگلانی" چ ڕەخنەیەكی لە خۆی هەیە؟**

ـ تەنیا ڕەخنەی من لە خۆم درێژەنەدانی خوێندنە كە ئەڵبەت لەم بارەیەوە خۆم بە تاوانبار نازانم، سیستەمی بنەماڵەی من بە شێوەیەك بوو كە درێژەدان بە خوێندنم بۆ نەڕەخسا، لە باری ئەدەبییەوە تا ئەو ڕادەیە كە چاوەڕوانم دەكرد سەركەوتوو بووم و ئەوەی وا لە توانامدا بووە ئەنجاممداوە و لە كاری خۆم ڕازیم و وابیر دەكەمەوە كە كارێكی گەورەم ئەنجامداوە و تا ئێستا 31 بەرهەمم لە چاپدراوە. ڕەنگە كەسانێكمان هەبن كە خاوەن بڕوانامەی دوكتۆرای ئەدەب بن، بەڵام دڵنیام هیچكام ئەوەندەی من هەوڵیان نەداوە.



ئەمین گەردیگلانی

ـ نوسەرو وەرگێر ساڵی 1970 لە گوندی گەردیگلان لە دایكبووە و هەر لەو گوندەدا تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە. ساڵی 1983 چوەتە شاری بۆكان و پاشان بەهۆی كار لە كورەی دروستكردنی خشت و هەروەها جلدورین نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام بە خوێندنی هەندێ كتێبی دیكە توانی لای خۆی درێژە بە خوێندن و نوسین بدات. ساڵی 1988 لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا بووە و بە خوێندنی دەقەكانی گۆڤاری سروە، هەستێكی لە خۆیدا بەدیكرد، كە دەیتوانی بە شێوەی شیعر بیهۆنێتەوەو بەوجۆرە ئاوێتەی ئەدەب بووە.

31 كتێبی لەچاپدراوی هەیە.